# ئەی دڵبەرد بە کوێت گەیاندم



ei dlberd be kwet geyandm

ئیسماعیل خورماڵی

2010

هەی خودا ژن

تۆ هەمیشە من دەنێیتە جەنگی عەشقێ

شکست دێنی و دڵۆپەیەک خوێنی منت پێ نارژێرێ

شکست دێنی و  ئێوارەیەک بارانی منت پێ ناکوژرێ

شکست دێنی و پێکێ لە شەرابی منت پێ نارژێرێ

شکست دێنی و بەڵام بەڵام وەی خودا ژن

گەورەیی تۆ لەوەدایە

هەر ڕۆژی جۆرێ لە گەردی خۆتا

وەک مانگی ناو

تەمە شەوی شەوە چەمان وونم دەکەی

وەک مەوجی سەر بەپرژی ناوەڕاستی دەریا هارم دەکەی

شکست دێنی و

بەڵام بردنەوەی تۆ لەوەدایە هەی خودا ژن

من لەو هەموو تەمەی ئێوارانی تۆ سەر دەر ناکەم

من لەو هەموو ئاگری دۆزەخی چوونەت سەر دەرناکەم

بردننەوەی تۆ لەوەدایە هەی خودا ژن

دەمکوژی و ژیانی خۆتم پێ دەبەخشی

دەمکوژی و فڕینی  تەیرەکانی خودام پێ دەبەخشی

بردننەوەی تۆ لە وەدایە هەی خودا ژن

من بەم قەیاغی قەڵەم و

من بەم قەیاغی لاسکە خەیاڵانەوە

هەرچەن دەکەم

ناگەم بەو بەر تێگەشتن و خەیاڵی تۆ

دەمێ کە من

لە ئاو زێدەتر پێویستم دەبی هەی خودا ژن

تۆ وەک ڕۆشنایی ئێوارە بە دەربەنی تاریکیدا دەچیتەوە و دەڕۆی

دەمێ کە من بەسەر پردی مەرگا دەپەڕمەوە و

لە فەجری عەشقا پێی مەرگ دەگرم

تۆ لەو بەر وەک بەدمەستێکی نیوەشەوی سەرچنار

لالا ، قا قا

دەم لە پیاڵەی بزە وپێکەنین بەر نادەی

بردننەوەی تۆ لەوەدایە هەی خودا ژن

تۆ ئاوقای مەخلووقێ هاتووی

مەخلووقێ ،

لە هەرێز و لە سەوزایی دڵتی پێ ناشێلرێ

مەخلووقێ ،

هەر لە بەر دڵی شیعر

لق و چلی بێ ئیمانی پێ ناشکێنرێ

ئاخەر ناکرێ هەی خودا ژن ، وەی سەوزە ژن

وەک ئەوەی من نغرۆم لە هەناراوی جوانیتا

تۆش نانی ئەم دڵنەرمییەم بە ساجا بەیت و

سپیدەیەک وەکوو ئاونگ بە باخی جەننەتم بەیت و

ئێوارەیەک وەک پەروانە بەسەر چەمی دۆزاخما بەی

ئاخەر ناکرێ

وەی سەزە ژن

وەی قەشەنگترین لالە گوڵ

بەوخەرمەنی ئەوینەوە

لە چاخی ژەنگە عومردا

ڕۆژێ

ساڵە تۆراوەکانم ئاشت نەکەیتەوە و

ئێوارەیەک بە لێوی چاو بانگم نەکەیت و نەڵێی

ئێوارەیەک بە لێوی چاو ماچم نەکەیت و نەڕۆی

ئاخەر ناکرێ هەی خودا ژن

لە بەر ڕەشەبای پیربووندا جەنگێ نەکەین

وەکوو بەلەم

لە گەڵ بەحری شەپۆڕی شەو حەشریٚ نەکەین

ئاخەر ناکریٚ هەی خودا ژن

وەک دوو باڵندە لە فڕین

یەکمان خۆش بویٚ و خویٚن بە یەک بەین

یەکمان خۆش بویٚ و خویٚن بە شار بەین

ئاخەر ناکریٚ هەی خودا ژن

عەشق کارەی وولاٚت بین و

سەر لە دەرسی گوڵ دەرنەکەین

نا گوڵەکەم

وەرە دیسان

با شار لە جەنگ چۆڵ کەین

با هەمیسان نیشتیمان بە ماڵی بەهار دا کەینەوە

با هەمیسان باخەکەی وەفا و عیشق

به مێخەکاوی عیشقدا بەرینەوە

وەرە ئەی یار ئێمە چیمان داوە لەخوێن

چیمان داوە لە سەری بێ مەستی و عیشق

چیمان داوە لە گوێگرتن

لەخەرمەنی گۆرانییەکانی تەنییایی

وەرە ئەی یار هەی خودا ژن

لە میحنەتی نیشتیماندا ڕەفیقم بە

لە میحنەتی ئەم شارەدا ڕەفیقم بە

تۆ تەواشا

چینێ لە هێلانەی خودادان و

چینێ لە قەبردان

وەرە ئەی یار با چیتر لاڕێی بزێوی هەڵبژێرین

با چیتر تەسلیم بە جەنگی ئەم ڕۆژە جەنجاڵە نەبین

ڕۆژێ کە عیشقی تییا نەبێ

ڕۆژێ کە ژیان تێیا  تاوان بێ

سەردەمێ کە ئینسان تێیا بە بە تاڵانی بڕوا

سەردەمێ کە لەیلی تێیا بەگڕ چێ

وەرە ئەی یار دەبا ئێمە فریشتەی شار بین

دەبا ئێمەسەردەم بە عیشقدا بەرینەوە

دەبا ئێمە ژیان بە مێخەکێ ئاشت کەینەوە

دەبا ئێمە

نوشتەکانی بەر  قاپی نەگبەتی پوچ کەینەوە

دەبا ئێمە

هەی خودا ژن

شەوێ لەو شەوانەی بە جەننەتی زەمین دەچن

جەننەتێتر بخوڵقێنین

جەننەتێ ،خوداژن ، جەننەتێ

وەک شەوەکەی ناو تەیراوا

کە بۆنی بۆس و گابانامان لێ دەچۆڕا

ئەو شەوەی بە شەراکەت جگەرەیەکی کەنتمان دەکێشا و

بە شەراکەت تەزوو هەڵیدەگرتین و

بە شەراکەت

ماچمان بەسەرلێوی پەنجەی یەک دەدا و

بە شەراکەت لە لێخوڕینی ئۆتۆمبێلێکدا

مژمان لە دووکەڵ دەدا و

ماچمان بە پەنجەی یەک دەدا

ئەو شەوەی عیشق

عیشق بەچڕی بە گریانی دەداین و

لە ئومێدێکدا گۆرانیمان بۆ مێخەک دەووت

تۆ دەتووت سیبیا

چەن ئاسوودە دەبووم ژنی تۆ بایەم

چەن ئاسوودە دەبووم

مێخەک و براکانی لە ئاو و سولبی تۆ بوونایە

ئەو شەوەی دوو بە دوو

لە دوو بە دوویەکی مێخۆش و

لە دانیشتنێکی مزر و هەناریدا

ووتت سییا

هێندە قاوەی تاڵ نۆش مەکە منت بیر بێ

هێندە حەوشەی

هەناسەت پڕمەکە لە گەڵای دوکەڵاو منت بیر بێ

هێندە سەرت

بە بەفری ئەو شەرابە سپییانە سپی مەکە ،

منت بیربێ

من بزەیەک و ویقارێ

ووتت سییا

ئەمجارەیان عەینەکەکەت داگرە و بێ عەینەک

مەملەکەتی ئەم مێخەک  و سەر و لەشەی من ببینە

تۆ تەواشا

 سییا گیان پیری چۆن کەوتوووەتە وێزەمان

تۆ تەواشا سییا گیان پیری چۆن لە سێبەری هەورەکانی گەنجی دوورمان دەخاتەوە

تازە سییا چی ماوە بۆ عیشق ؟

چی ماوە بۆ گردکردننەوەی خونچەکانی ماچ

تۆ وات دەووت و

 منیش دەمووت لە پیری گەڕێ ئەی خوا ژن

تۆ لەو ژنانەی وەک بەردێ تووڕدەیتە ئاوێ

هەتا پیربی

 لە گۆمی عوومرا شڵپ و هۆڕی جوانی دەدەیتەوە

هەتا پیربی

سێبەری داربی عیشقت تییا شینتر دەبێ و

وەک ژنێ لە شانەی خوا هەنگ

هەنگوینی گۆرانییت پڕتردەبێتەوە

ئەها چاوت وەی خودا ژن

هێشتا وەکوو جاران

لەسەر عەرشی مەملەکەی چاوان چاو دەڕوانن

ئەها لێووت ، هێشتا وەکوو جاران

تازە پەروانەی پەمەیی دەنێنە دەشتی پێکەنین

تۆ وات دەوت و منیش دەمووت هەی خودا ژن

کێ وەکوو تۆ ،پێکەنینی دەبێتە تاف و دەڕژێتە دڵ

کێ وەکوو تۆ ، سینەی بە مانگی خوا دەچێ و

هەنووکەش لە پیاسەیەکدا دڵ بە خەڵوز بەرێ

تۆ وات دەووت و منیش دەمووت ، ئەی پایزە ژن

لە دوا ساتی دانیشتنی ئەم مەغریبە سوور پۆشەدا

بەهێی نوورت دوولەت مەکە و

دڵت مەکەرەوە بە بەردی

بەردەم ئەشکەوتی دڵڕەقان

داوایەک داوایەک دەکەم ئەمجارە دڵم مەشکێنە

دەکرێ دەکرێ ئەی خودا ژن

دوو تاڵ دوو گەڵا لە قژی خۆتم بەیتێ

کچێ ، ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش

تۆ مەیلت وابێ جەنگی پیرترین پایزم لە ڕێدایە

تۆ مەیلت وا بێ دەبمەوە بە گۆڕستان و

ڕۆژی سەد جار خۆمم تیا دەنێژنەوە

دەکرێ هەی خودا ژن

دەکرێ ئەو قردێلە سپییەی سەرت بە ماڵی من بێ

ئەم با لەو بەردخانەیەی دڵتەوە هەڵکا ،

ڕەنگە بێ بە قەڵا و

ڕەنگە لە جەنگی هەزار و یەک بادا بمپارێزێ

دەکرێ ئەی خودا ژن

دەکرێ بە عەترەکەی خۆت

بە تنۆکێ لەگابانا

ماڵێکم لە جەننەت بەیتێ

تۆ وات دەووت و

منیش دەمووت ئەی خودا ژن

وەک ناهێڵی

وەک ناهێڵی

بۆ تام

وێنەیەکت بگرم و

ئەلبوومە پیرەکانی ناو دڵمی پێ گەنج کەمەوە

ڕێگە بە گوڵەکەم وێنەیەکی کورسییەکەت

بە چۆڵی بگرم

بۆ زەمانی گەڕاننەوە و

بۆ مەملەکەتی خەمی وێ و

بۆ شەوە تولانییەکانی ئەوێم

ڕەنگە

ستارێکم پێ بەن

دەکرێ کچێ بیکەمە عەرشی غەریبیم

دەکرێ بیکەمە عەرشی مێخەک

دە دەی دڵبەرد ، لە سەفەری

ئەم خواستە چکۆڵانانەدا ڕەفیقم بە

با جوانی

جوانی ئەو دێڕانەی لە سەفەردا دەمانووتن کاڵنەبنەوە

ئەوماچانەی

لە سەفەردا دەمانکردن ووشک نەبنەوە

ڕێگە بە ڕێگە بە گوڵەکەم

بەو عەسرە مێخەکییانەدابچینەوە

زۆرجار بەسەر لێوی مەستانەترین لاڕێوە

ماندووبوون و تەژنەیەتی تاوێ حەواننەوە

دەپیپێچاینەوە لاپێچی قاوەخانەیەکی دوونهۆم و

لێ قاوە خانەیەک سیخناخ

سیخناخ بە دڵە دڵ شکاوەکانی شار

سیخناخ بەو لێوانەی دەلەرزین و نەدەگەشتنە  یەک

بەو دڵانەی

وەک درەختی ناو ئاوابوون تاریکی دایدەپۆشیین

بەو دەستانەی

دیواری ئەم چاو و ئەو چاو

لێنەدەگەڕان بگەنە یەک

تۆش لە ڕێوە ئەی یار

لە تەک هاتنی گارسۆنە کەڵەگەتەکەدا

بە بزەیەکی قوڵی هەسارە جووتی جوانەوە

دەتووت سیا ، ئارۆ

ئارۆ

من لیمۆیەک لە ڕەنگی کراسەکەی تۆ بانگ دەکەم

تۆش عادەتی ئاوێک و قاوەیەک بانگ کە

ووتم ئاخەر ،

ووتت لێگەڕێ با ئارۆ پیاسە و خواردننەوەکان بە دڵی من بن

ووتم ئاخەر ،

ووتت لە پەرداخە ئاوەکەی تۆش دەخۆمەوە

ووتم ئاخەر ،

ووتت سیا دەزانی گەلێ جار لە غیابی تۆدا

من دێمەوە ئێرە و

لێرە

لێرە

وەک پەروانەیەکی مەجنوونی پێ دەشتم لێ دێ و

لەسەر گوڵی پیرە گوڵی کورسییەکەی تۆ نەبێ

نانیشمەوە و دانانیشم

لەو جێیەدا نەبێ سییا

بۆنی قریوە و بۆنی دانیشتنەکانتم پێناکرێ

لەو جێیەدا نەبێ ،

سییا

بۆنی

تەرخوونی هەناسەکانت نادەنەوە بە بەر لووتما

لەو جێیەدا نەبێ سییا

شەربەتێکم پێ نۆش نابێ و

سۆزێکیم پێ نابیستری

تۆ وات دەوتت و

من لە ڕۆحما پایزی تۆ دەیکووشتم

تۆ واتت دەووت و

من دەمزانی

هێووریت لە گەڵ من دا عومری کورتە

دەمزانی خۆشت دەوێم و

بەڵام لە مەرگم تێر نابی

هەی خوداژن ، ئەمە گوفتی من نییە بە تەنیا

نامەکان وا دەڵێن

تاسەکانی ڕێگەی نێوان هەولێر و سلێمانی وا دەڵێن

ماچەکانی سەرچنار وا دەڵێن

ئێوارەکانی بەردەم پەرێژ وا دەڵین

دەسگووشینی شەوەکەی ڕیستۆرانتی ئیڤڵ وا دەڵێن

مژی نێرگەلەکانی سێو و سندی وا دەڵێن

پەیوەندییەکانی نێوان بەرلین و هەولێر وا دەڵێن

شڵپ و هوڕی شەوە گەرمەکانی تەنیایت وا دەڵێن

سووتانی من و بێ مەیلی ڕۆژەکانی بەیرووت

وا دەڵێن

دەزانم خۆشت دەوێم و

بەڵام بێ قەیاغ لە بەحری بێچارەییدای

خۆشت دەوێم و

بەڵام

بەسەر ئەو هەموو ڕێیەدا ناشکێیتەوە

خۆشت دەوێم و

بەڵام جەنگی ئەو هەموو ئاگرەت پێ ناکرێ

خۆشت دەوێم و

بەڵام ئەو هەموو دوژمنەت پێ نابن بە دۆست

خۆشت دەوێم و

بەڵام

نیشتیمانی ئەو هەموو تەگەرانەت پێ وێران نابن

دەزانم هەی خودا ژن ئومێدت دەکرد ، ئومێد

لە یەکەمین شەوی دابەزینی بەیرووتدا

من جەنتاکانت بە ژووری ئوتێلەکەدا کەم و

من جلەکانت بۆ بگۆڕم و

من خۆم لە بۆنەکەی خۆم

یەکەمین تنۆکە عەتری لانکۆمت لێ بەم

دەزانم هەی خودا ژن ئومێدت دەکرد ، ئومێد

لە یەکەمین ئێوارەی سەوزەکانی پینـاندا

لە یەکەمین مەلەی ئەوێدا

لە یەکەمین ڕۆخانەدا

لە یەکەمین ئاگردا

من

من

بە باوشێ

بتسووتێنم

دەزانم هەی خودا ژن ئومێدت دەکرد ، ئومێد

لە پیاسەیەکی ئۆرزیدا

بە مەکرێکی لە باراناو تەڕتر

بە ناو ئەو هەموو پەڵە مێیەدا

قۆڵت بە قۆڵما کەیت و

بڵی من

من

مێخەکی تەڕترین شاعیری ئەم نیشتیمانەم و

پڕم لە فڕینی عەشق

پڕم لە میوەی عەشق

دەزانم

دەزانم هەی خودا ژن خۆشت دەوێم و

هەر مەوجی ئەو عەشقەشە لە من هارت دەکا و

هارت دەکا و لەززەت  لە مردنم دەبەی

ئەزییەتم بە ئەی یار

ئەزێیەتم بە

ڕۆژێ دێ بە دەردی عەشقت بڕۆم

ڕۆژێ دێ ڕێ نەبەیتەوە سەر ڕێی گۆڕم

ئەزییەتم بە ئەی گوڵ

من دەزانم نەمانی من

باخچەی چەن قریوەیە لە زوڵمی تۆدا

من دەزانم کوشتنی من

کوشتنی من چەن هەرزانە لە بازاڕی عیشقی تۆدا

ئەزییەتم بە ئەی یار

هەتا ڕۆژێ لە عیشقت بە خەسار دەڕۆم

هەتا ڕۆژێ پەشیمان پەشیمان دەبی و

ئەوسا ، ئەوسا هەی خودا ژن

سایە داریٚ ، ژوانێکی منت ناداتیٚ

سایە شیعریٚ ، ڕەنگێکی منت ناداتیٚ

ئەزییەتم بە ئەی یار

ئاردی دڵڕەقیم بەسەردا کە تۆ

تۆیەک کە تێر نابی لە نانی مردنم

ئەزییەتم بە و بمکوژە تۆ

بەڵام من دەستم سوور ناکەم بە تۆ

ئەزییەتم بە و

هەر ئاوا حەبیببەی خاک و خۆڵی غروور بە و

بیٚ وەڵام بە لە بەردەم ئەو هەموو زەنگەدا

ئەی دڵبەرد ڕۆژێک دیٚ عیشق بە جەنگ بشکێتەوە

ڕۆژێک دیٚ

لەسەر قەڵای ئەو گەمە نەگریسانەت بەر بیتەوە

ئەی دڵبەرد ئەزییەتم بە

هەتا ڕۆژی بە گوڵ هاتنی مەسجەکان

هەتا دوا هەمین پایزی ڕاڕایی

هەتا دیدەنی ئارۆسێکی تر و

هەڵگرتنی مرواریيەکی تر ، ئەزییەتم بە

ئەی دڵبەرد ئەمە چ عیشقێکە

بە بەردم دەکەیت و بەسەرما دەگریت

وەک خودا بە تەیرم دەکەیت و

فڕینم لێ دەسێنیتەوە

ئەی دڵبەرد

لە ئاوێنەی هەقیقەتێک هەڵڕوانە

نە من لە تۆدا دەڕۆم و

نە تۆ لە مندا پیر دەبی

ئیدی لە ژێر ئەو چاویلکە ڕەشەدا

لە چاو گێڕانی ئەو هەموو گەمەیەت چی

ئیدی لە ئێوارە فڕینی ئەو سێوانەدا

لە کوشتنی سێو و لە کوشتنی لەزەتت چی

چ بڵێم چی

ئەی دڵ بەرد

چ بڵێم

تۆ عەیامێ

بێ باک مردنت ئاژەن دەکردە سەرم و

من گەردی سەرگوڵ و

گەردی سەر شانی شەونمەکانم بۆ دەتەکاندی

تۆ بێ باک

گڕەی توڕەبوونت دەنایە شوێن هەنگاوم و

من لە ئاوی شیعرم

ئاژەن دەکردە سەر دەشتی عەشقت

ئەی دڵ بەرد تۆ لەو بەر چەمی دوودڵییەدا

چ بەردێکت کوتا بە پەنجەرەی دڵما و

زرِگۆنی سەر ئەنگوستیلەی چ رۆژگارێکت لێ بردم

قاپی چ فرِینێکت لێگرتم ،

لەو حەوت تەبەقەی عیشقەدا

عیشقێ لە گەڵ ژەنگاوی ئەم رۆژگارەشدا

من غەزەبتم بە غەزەل دەنووسییەوە و

قاپی غەزەبتم بە کلیلی گوفتی خۆش دەکردەوە

ئەی دڵ بەرد

لە سەر چی وەستاوی بمکوژە

بمکوژە و پەلێکم بە پەلی دۆزەخەوە بە

بمکوژە و بە قوربانی مردنم کە تۆ

تۆش نەمکوژیت

ئێوارەیەک شیعر دەمکوژێ و

ئێوارەیەک

عیشق

خوێنم دەبا

تۆش نەمکوژیت

سپیدەیەک با دەمکوژێ و پەڕم دەبا

دەخیلت بم ئەی یار خۆت بمکوژە

بە ژەهری عەشقی تۆ بڕۆم

مردنم لا جوانتر دەبێ

منێک

بە ماچێکت

ئاوەدانی بە نیشتیمانێکی وێران دەدەم

منێک

بە نازێکت

هەزار مێخەک ڕادەکێشمە ماڵی پایز

منێک

بە گرێکت

خۆم دەخەمە سیرەی دۆزەخ

بە چامەیەک

کچەکانی کۆڵانی گڕ فریو دەدەم

بمکوژە تۆ ،

قەتڵم بە دەستی تۆ جوانترین ژیانە

هەی خودا ژن ، دڵنیابە ، لەوێ دنیاش

من هەر بە دووی میوە غەیبەکانی تۆدا دەگەڕێم

هەزار سیرات بە قوربانی ڕێی هەولێرت دەکەم

دڵنیابە لەوێ دنیاش

ڕێیی هەولێر هەڵدەبژێرمەوە و

دیسان ناوت دەنێمەوە

مێخەک

دڵنییابە

ڕۆژێ دێ بەر لە سەفەر

دەڵێی

ئەی ئیماندارترین قەڵەمی عەشق

وەی سەبوورتیرن باڵندە لە فڕین

وەی نوورانیترین ڕەبەنە پیاوی گەڕەکی گوڵەکان ،

بەر لە سەفەر

ئەم کۆترانەم فێرە فڕینێکی تر کە و

ئەم کانییانەم بسپێرە بە ئاوی خۆت

لە ڕاکشانێکدا پڕم کە لە نوور

لە هەر گوڵە مێخەکێکی لەشمدا مێخەکێ درووستکە

ماچم کە و

هەتا ڕۆژی حساب

حسابی ماچم لە گەڵ مەکە

ماچم کە و

هەتا ڕۆژی حساب

حسابی وونبوونی ئاونگگەنكانتم لە گەڵ مەكە

دەی ڕووخۆشترین پیاوی دنیا

بە دێراوەكانی بادا پڕم كە لە نەسیمی خۆت

بە جۆگەكانی گڕدا پڕم كە لە ئاوی خۆت

دەی رووخۆشترین پیاوی دنیا

بەر لە سەفەر

وەک چۆن لە گەڵ

فریشتەی ئەفسانەكاندا دەنووستی

لە گەڵما بە

وەک چوۆن بێ تووتڕك

دەستت دەگەشتە ستیانی پەرییە ڕووتەكانی خوا لەگەڵما بە

دەی ڕووخۆشترین پیاوی دنیا

بەر لە سەفەر

بەر لەوەی سینەم ببێ بە باخێ لە تەرخونی خوێن

بەر لەوەی هەنجیرێ لە ژەهر بنێمەوە دەمی دڵم

ئەمجارە تۆ

تۆ بمکوژە

ئەوە منم

دەڵێم قەتڵم

بە دەستی تۆ

شیرینترین گوزەرانە

دەی ئیماندارترین پیاوی عەشق

کەی دەڕۆیت و

کەی دێیتەوە

بێرەوە تۆ

نیشتیمانێ

چاوەڕێتە

بیرەوە تۆ

تۆ واتدەووت

دەتووت

بیرەوە

نەڕۆی تا من دێمەوە

من دەڕۆم

سەرێ لە وولاتی فیرعەونەکان دەدەم

غەزەلێکی تۆ بۆ ئەهرامەکان دەخوێنمەوە

دەتووت بیرەوە من دەڕۆم و

بەلام بەر لە چوون

ئەی ئیماندارترین پیاوی عەشق

بە ڕۆژی عەشق سوێن بێ

لە کوێدا یەکمان دیبێ گولێک دادەنێم

له كوێدا قاوەیەکمان نۆش کرد بێ گوڵێک دادەنێم

له كوێدا ماچێکمان کردبێ

له كوێدا

ئاوێکمان بە یەک دابێ

گوڵێک دادەنێم

تۆ واتدەووت و من هەر مردنم دەخوێندەوە

سلێمانی 2009